# پەیام

گۆڤاری کۆمەڵەی کولتووری کوردستانی یە لە یۆنشۆپینگ
ژمارە ٤ بەهاری ١٩٩٦



گۆڤارێکی رۆشنبیری ، کولتووری ، گشتی یە ، سەر بە هیچ رێباز و رێرەوێکی رامیاری نی یە .

لەم ژمارەیەدا :

# وتەی ژمارە .
# چاوپێکەوتنێک لە گەڵ هونەرمەند .......
# پێویستی یەکانی سەردەم و .......
# هیبونا ئەلف و بێیا کوردی ...
#لە بارەی کۆنگرەی ئاسایی کۆمەڵەی ......

دەستەی نووسەران :
رزگار کێستەیی
بوخاری خدر
عەبدولقادر شەوکەت

وێنەی بەرگ :
پردی دەلال لە زاخۆ

ناونیشان :

Pejam
Box 8043
550 08 Jönköping

کۆڤارێکی وەرزی یە ، نرخی شەش کرۆنی سویدی یە

هەر وتارێک کە بڵاو دەکرێتەوە لەم گۆڤارەدا ، نووسەرەکەی خۆی بەرپرسیارە لە بیر و بۆچوونەکەی .

هەواڵنامەی کتێب

**پەیڤا پەیامێ**

# ئادار و شین و شاییێن کوردان

ئەگەر تەنێ ژ لایێ سروشتی ڤە تەماشەی مەها ئادارێ بکەین . دێ بینین کو ئەڤ مەهە براستی دەستپێک و ڤەژینا سالێ یە ، و بتایبەتی ژی لکوردستانێ . لڤێ مەهێ سەرما و بەفر و باهۆز ، هێدی هێدی خۆ ژ سەرێ چیا و کێریا ددەنە پاش و دار و بار و گۆل و کولیلک ، سەرێ خۆ رادکەن و ژ بۆ ژیانەکا نوو دبشکڤن . تەیر و تەوال دەس بخواندنا ئاوازێن دلڤەکەر دکەن و ژ بۆ هاتنا بهارێ و سالا نوو ، دکەڤنە گۆڤەند و سەمایێ .
براستی هندی ژ لایێ سروشتی ڤە ئەم لدوف بچین ، ژبلی خۆشی و شادی و دلفرەهیێ پێڤەتر ئەم تشتەکی دی د ئادارێ دا نابینین .
لێ ئەگەر ژ لایێ دیرووکی ڤە ئەم تەماشەی ڤێ مەهێ بکەین ، دێ بینین کو یا پرە ژ روودانێن گرنگ ددیرووکا کوردان دا . چ روودانێن بشادی و دلخۆشکەر بن و چ ژی یێن بکۆڤان و دلتەزین بن .
ئەم ناخوازین بدرێژی لسەر ڤان هەموو رووداناندا باخڤین ، ژبەر کو هەموو ژی لدەڤ خویندەڤانێن هێژا د بەرنیاسن . لێ مە دڤێت ئەم بسڤکی بسەردا بچین .
بیرهاتنا هەری گرنگا ڤێ مەهێ **جەژنا نەورۆزێ** یە کو دکەڤیتە ٢١ ی ڤێ مەهێ و ئەو جەژنا گەلەک ژ گەلێن رۆژهەلاتی یە . لێ ژ بۆ گەلێ کورد ئیرۆ ئەو بوویە جەژنا نەتەوایەتی ، و هەموو سالان خەلکێ کورد لهەر جهەکێ بیت ، لدویڤ رەوشا وی جهی و شیانێن خۆ ڤێ جەژنێ پیرۆز دکەن . چ دزیندانان دابن و چ لسەرێ چیا و چ ژی لدەربەدەرییێ بن ، تا کو گەهشتیە وێ پلێ کو گەنجێن کوردان ب لاش و گیانێ خۆ ئاگرێ ڤێ جەژنێ هەلکریە . مینا شەهیدا نەورۆزێ **زەکیا ئالکان** کو ل نەورۆزا ١٩٩١ لبازارێ **ئامەدێ** بگیانێ خۆ ئاگرێ نەورۆزێ گەشکر .
هەروەسا دڤێ مەهێ دا بوو دەمێ ل ١١ ی ئادارا ١٩٧٠ شۆرشا باشوورێ کوردستانێ حکومەتا ئیراقێ نەچارکری کو بۆ جارا ئێکێ برەسمی دان بمافێ گەلێ کورد دابنیت ، لسەر ئاستێ ئۆتۆنۆمی . یاکو بوویە دەستکەفتەکا مەزنا گەلێ مە و دەکۆمەنتەکا دیرووکی ددەستدا.
لێ دوژمنێن مە نەهێلایە کو ئادار هەر مەها شادی و خۆشییێ بیت ژبۆ مە . بەلکو خوازتیە وێ بکەنە مەها کول و دەردان ژ بۆ مە و بۆ وێ یەکێ ژی ل ٦ ی ئادارا ١٩٧٥ سەدامێ دکتاتۆر و کەڤنە شاهێ ئیرانێ بدەستەکیا چەند سەرۆکێن عەرەبا و بئاگەهداریا ئەمریکا ،پیلانا رەشا **جەزائیرێ** بۆ ژناڤبرنا شۆرشا کوردستانێ دانا و ئەڤ شۆرشە پشتی ١٤سالێن خەباتێ ، بئاوایەکی نەمەردانە ژناڤبر. کو بوو ئەگەرا گرتن و کوژتن و دەربەدەر بوونا بهەزاران کەسان و وێرانکرنا پشکەکا مەزن ژ گۆندێن کوردستانێ .
هەر ل ١ ئادارا ١٩٧٩ بوو دەمێ بارزانییێ نەمر چوویە بەردلۆڤانیا خودێ، پشتی ٥٠ سالێن خەباتێ .
مەزنترین چاما کو دڤی سەردەمیدا دوژمنان بسەرێ گەلێ مە ئینای ، و بوویە چامەکا

مرۆڤاتییێ لگشت جیهانێ ، ئەو ژی هەر ل مەها ئادارێ بوو . دەمێ کو دکتاتورێ بەغدا ، سەدام حسێن باژارێ هەلەبچە لرۆژا ١٦ی ئادارا ١٩٨٨ کیمیا بارانکری و ( ٥ ) هەزار ژن و زارۆک و پیر و خورتێن کوردان شەهید کرین و ب هەزاران ژی بریندار و ئیفلیج کرین . ڤێ کریارا هۆڤانە ووژدانا مرۆڤاتییێ لسەرانسەری جیهانێ هەژاند و بێ مافیا گەلێ کورد و درندەییا دوژمنێن وی ب هەمـــوو جــیــهـــانێ دا ئاشکرا کـــرن

ل ئادارا سالا ١٩٩١ ژی گەلێ کورد هەڤسارێ قەدەرێ ژ دەستێ دوژمنا دەربنا و مەزنترین سەرهلدان ددیرووکا هەڤچەرخا کوردستانێ دا تۆمارکر و کەرب و کینا پیرۆزا خەلکێ بندەستێ کوردستانێ وەکی لەهیەکا بهێز بسەر داموەزگایێن رژێما ئیراقێ دا چوووکوردستان ژ گەمارا سەدسالی هاتە پاک کرن .

ل نەورۆزا سالا پاشتر ژی ، یانی ل ٢١ ئادارا ١٩٩٢ لباکوورێ کوردستانێ و بتایبەتی ژی لباژارێن جزیرێ و نسێبین و شەرنەخ و قزلتەپە ، سەرهلدانێن گەل دەستپێکر لدژی زۆردەستیا رژێما عەسکەرتاریا ترکی و ڤێ رژێمێ ژی ب تانگ و تۆپ و پانزەران بەرسڤا خەلکێ سڤیل و بێ چەک دان و ب دەهان خـــەلک هاتنە گـــرتن و کـــوژتن و بریندارکـــرن .

لداوییێ ئەم دخوازین بێژین ، کو ئەم نزانین کانێ هەیا چ قوناخ ئەم و ئادار دێ بەرابەزینکێ کەین ... و کانێ دێ لداوییێ کیژان تایێ تێرکا وێ تژی بیت ... یێ جەژن و شاهیان یان یێ شینی و بەهیان .....!!



زەکییە ئالکان : ئەو شەهیدەی بە تیشکی ئاگر نووسی جەژنەپیرۆزە

لێ مە ڤێ جارێ هیڤیەک ژ ئادارێ و رێبەرێن کوردان هەیە کو ، هەموو پێکڤە دلێن خۆ بۆ هەڤدوو ڤەکەن و ل ئادارا ئەڤ سالە هەموو دەستێ خۆ بدەنە هەڤ و پەیمانەکا ژ دل بۆ ئاشتی و تەناهی و براتییێ ببەستن و هەلکەفتنەکا دی یا شادی و خۆشیێ بێخنە سەر هەلکەفتنێن دلخۆشکەرێن ئادارێ و ئادارا سالا ١٩٩٦ بکەنە ئادارا شادی و براتی و گرنژینێ .

- دەستەی نووسەران -

جەژنە جەژنی کوردستانە جەژنی نەورۆزە
بە تیشکی ئاگر دەنووسم جەژنە پیرۆزە

# چالاکیەکانی کۆمەلە

کۆمەڵەکەمان لە دوای کۆنگرەوە ئەم چالاکییانەی خوارەوەی ئەنجام داوە :

١ . ئەو کۆرسانەی کە لە ژمارەی رابوودوی (پەیام)دا بلاوّمان کردنەوە تاکو ئەمرۆش هەر بەردەوامن

٢- کردنەوەی کۆرسێکی کۆمپیوتەر بۆ ئەندامانی کۆمیتە .

٣. بۆ ئەندامان و دۆستانی کۆمەلەکەمان لە ٩٥/١٢/٢٩ کۆمەڵەکەمان هەستا بە گێڕانی ئاهەنگێکی گەورە بە بۆنەی جەژنی سەری ساڵی زاینی یەوە کە زیاتر لە ٢٠٠ کەس بەشداریان تیادا کرد ،لەم شەوەدا گۆرانی بێژی دەنگ خۆش کاک حەسەن شەریف وە بە هاوکاری لەگەڵ خوشکە( مەحفوزە )و تیپی موسیقا ئاهەنگەکەیان ڕازاندەوە جگە لەمەش لە ئاهەنگەکە جۆرەها هەلپەرکێ وچالاکی تر ئەنجام دران، وەهەروەها خەڵات دابەش کران بەسەر چەند ئەندامێکی چالاکی کۆمەلەکەمان، ئاهەنگەکە تا درەنگانێکی شەو بەردەوام بوو وە جێگای رەزامەندی تەواوی بەشداران بوو.

٤. لەرێکەوتی ٩٦/١/١٤ دا کۆمەلەکەمان کۆرێکی بۆ بەرێز(سینان) ئەندامی پەرلەمانی کوردوستان لەدەرەوەی وڵات ساز کرد.

٥. لە رێکەوتی ٣و٩٦/٢/٤ چوار لە ئەندامانی کۆمەلە وەک نوێنەر بەشداریان کرد لە کۆنگرەی نائاسایی(ئاوارتە)ی فیدراسیۆنی لە ستۆکهۆڵم.

٦. بۆ دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی کۆمەلەکەمان هەلساین بە کرینی ١٥ پەرتوکی جۆراو جۆر.

کۆمیتەی کارگێر



## - سوپاس -

کۆمیتەی کارگێڕی کۆمەڵەکەمان ، زۆر سوپاسی ئەو برادەرانە دەکات کە پەرتووکیان بەبەخشیوە بە پەرتووکخانەی کۆمەڵەکامان و هیوادارین کە وێنەیان زۆر بێت .

> لەگەڵ خۆتا راستگۆ بە ، لەگەڵ کەسدا درۆ ناکەی
> - شکسبیر -

# ئەلفرێد نۆبڵ

ئەلفرێد نۆبل زاناو داهێنەری بەناوبەنگی سویدی لە سالی ١٨٣٣ لە ستۆکهۆلم لە دایک بووە. ئەوکات سوێد وولاتێکی دواکەوتوو بوو هەژاری ونەخۆشی بەرۆکی زۆربەی خەلکی ئەم وولاتەی گرتبوو. باوکی ئەلفرێد ئەمانەوێل بۆ ئیش و کارو ژیانێکی باشتر ناچار دە بێ وولات و خێزان و منداڵەکانی بەجێ بهێلێت و رووبکاتە رووسیا،لەوێ واتە لە پایتەختی ئەو کاتەی رووسیا ( پیێتەربۆرگ ) . ئەمانەوئل وەک مرۆڤێکی کارزان ومیکانیکێکی لێهاتوو توانی خۆی لەگەل بارو دۆخی رووسیا بگونجێنێت و کارگەیەکی میکانیک بکاتەوە کە رۆژ بە رۆژ کارگەکە بەرهەمی زیاتری دەهێنا تاوای لێهات ناوبانگی لەهەموو رووسیا دەرکرد.

لەوکاتەی کە ئەلفرێد تەمەنی دەگاتە نۆ سالان لەگەل دایک و براکانی دەچن بۆ پیێتربۆرگ لای باوکیان. ئەلفرێد وەک هەموو براکانی لە رووسیا توانی خوێند نی بالا تەواو بکات . ئەم سالانەی کە لە رووسیا بوو ئەلفرێد خوێند نی بالا لە کیمیا وەردەگرێت. هێشتا تەمەنی ١٧ سالان بوو ئەلفرێد ٥ زمانی زانیوە، سویدی،رووسی،ئەلمانی،فەرەنسی و ئینگلیزی. بۆ خوێندن و زیاتر کردنی زانیاری ئەلفرێد گەشتێکی دووسالانەی دوور و درێژ دەکات بۆ چەند وولاتێک لەوانە سوێد و ئەلمانیا وفەرەنسا وئیتالیاو لە دوایشدا بۆ باکوری ئەمەریکا ئەم گەشتە گرینگیەکی تایبەتی هەبوو لەسەر ژیان و دوارۆژی ئەلفرێد. دوای ئەم گەشتە ئەلفرێد دەگەرێتەوە رووسیاو لە کارگەی باوکی دەست دەکاتە کار کردن و زۆرلێهاتوانە هەموو کارەکان رادەپەرێنێت وە کارگەکەیان رۆژ بە رۆژ بەرهەمی زیاترو دەستکەوتی باشتری دەبێت.

بەلام رۆژگار بەپێچەوانەی بەختی خێزانی(فەمیلیای)ئەمانەوێل دەگەرێ وکارگەکەیان بەرە بەرە بەرەو کزی وبێ پارەیی دەچێت ئەمەش بەتایبەتی دوای تەواو بوونی شەری(کریم) کە لەنێوان رووسیا و تورکیای ئوسمانیدابوو، کارگەی ئەمانەوێل بەرهەمی سەربازی بۆ لەشکری رووسیا دروست دەکرد کە شەری (کریم)یش تەواو بوو لەشکری رووسیا پێویستی بە بەرهەمەکانی کارگەکە نەما بۆیە کارگەکەیان توشی قەیرانێکی بێ پارەیی زۆر هات و تا گەیشتەرادەی ئیفلاسی( konkurs ) بۆیە ئەمانەویل بە دڵ ساردی و نەداری ناچار دەبێت رووسیا بەجێ بهێلێت و بگەرێتەوە سوید.کورەکانی ئەمانەوێل بەهیوای رزگارکردنی لەو قەیرانەی کە تێیکەوتوو بوو هەر لە رووسیا دەمێننەوە. برا گەورەکەیان(رۆبەرت) توانی چەند بیرە نەوتێک لە نزیک شاری باکۆ کە ئەمرۆ پایتەختی ئازەربەیجانە بدۆزێتەوە و پیشەسازی نەوت لەوێ دامەزرێنێت کە ئەو کات بەیەکێک لە گەورەترین پیشەسازیەکانی نەوتی جیهانی دەژمێردرا. بەڵام ئەلفرێد نۆبل بەپێچەوانەی براکانی حەزی لە کاروباری پیشەسازی نەبوو ئەو هەر تامەزرۆی کاری نێو دەزگای تاقیکردنەوە و داهێنان بوو بۆیە رووسیا بەجێ دەهێلێت و دەگەرێتەوە لای باوکی لە سوید. ئەلفرێد هێشتا لە تەمەنی لاویدا بوو کە خولیای لە مادەکانی تەقەمەنیەوە هەبوو هەر بۆیەش لەگەل باوکی دەزکایەکی بچکۆلانەی تاقیکردنەوەیان لەستۆکهۆلم دامەزراند و لەناو ئەم دەزگایەدا دەستی کرد بە کارو خەبات بەدەیان تاقیکردنەوەی لەسەر مادە تەقەمەنیە جۆراوجۆرەکان کردەوە و گەیشتە چەند

ئەنجامێکی باش. هەر بۆیەش لە ئۆکتۆبەری سالی ١٨٦٣ ئەلفرێد نۆبل یەکەمین هاوولاتی سویدی دەبێ کەرێگای پێ دەدرێ لەلایەن حکومەتەوە تاکو تاقیکردنەوە بکات لەسەر تێکەلکردنی مادە تەقەمەنیە جۆراوجۆرەکان بۆ داهێنانی مادەیەکی تەقینەوەی بەهێزتر. دوای کاری بەردەوام شەونخونیەکی زۆر و جۆرەها تاقیکردنەوی ترسناک لەسەر جۆرەها مادەی تەقینەوە لەناوەراستی ئەم کارە ترسناکەدا لەیەکێ لە بەشەکانی دەزگای تاقیکردنەوەکەدا تەقینەوەیەکیی ئێجگار گەورە رویدا کە سەرتاپای شاری ستۆکهۆلمی هەژاند، لە ئەنجامی ئەم تەقینەوەیە پێنج کەس گیانیان لە دەستدا یەک لەوانە برا بچکۆلەکەی ئەلفرێد (ئەمیل) بوو ئەلفرێد خۆشی سەرو دەمو چاوی بریندار بوو، ئەم کەرەساتە دلتەزێنە کارێکی زۆری کردە سەر باوکیان و دوای مانگێک ئەمانەوێل بە خەمو کەسەرەوە سەری نایەوە. بەلام بۆ ئەلفرێد نۆبل تەنها سەرەتاو هەنگاوی یەکەم بوو بۆ گەیشتن بە مەبەست وئامانجەکانی، دوای دوو سالْ کارو خەبات و ئارەق رشتن ئەلفرێد گەیشتە مەبەستەکەی و مادەی(دینامیت)ی داهێنا دینامیت شۆرشێکی گەورەی دروست کرد لە بوارە جیاجیاکاندا ... وەک دروست کردنی رێگاوبان، تونێل ،وە بەکارهێنانی لەناو کانگاکانی ئاسن دەرهێنان و هتد.... بەراستی دینامـــــیت بەرهەمی ســــەردەم بوو.

لە سالی ١٨٦٧ بۆیەکەمین جار لەجیهاندا لەسوێد دوو کارگەی دینامیت دامەزرێنران. لەیەکەم سەردانی ئەلفرێد نۆبل لەتەمەنی لاویدا بۆ فەرەنسا، شاری پاریس جێگایەکی زۆری کردەوە لەدلْ و دەرونی ئەلفرێد هەربۆیەش بریاری دا کە پاریس بکاتە شوێنی هەمیشەیی خۆی وە لەراستیدا هەرواش بوو.

هەرلەوێ، بەیارمەتی چەند برادەرێکی خۆشەویستی خۆی، توانی چەند کۆمپانیایەک بکاتەوە ئەمەش نەک هەر بەتەنیا لە فەرەنسا بەلکو لەچەند ولاتێکی تری ئەوروپیشدا. بەرهەمی کۆمپانیاکانی ئەلفرێد، بەرهەمێکی بێ هاوتاوبێ پێشبرکێ بوو، بۆیە توانی لەماوەیەکی کەم دا سامانێکی زۆر بەسەر یەکەوە بنێت، ئەتوانرێ بووترێ کە ئەلفرێد یەکێک بوو لە دەولەمەندەکانی ئەوروپا لەوسەردەمەدا .

## کەســـایەتی ئەلفـــرێد

ئەلفرێد نۆبل چەندی بلێیت مرۆڤێکی ژیر و لێهات و تێگەیشتو بوو وە لە هەمان کاتدا سەیروسەمەر بوو تابلێیت حەزی لە دوورە پەرێزی و تەنیایی دەکرد، هەموو ژیانی خۆی لەکاروخەبات و گەران بەدوای دۆزینەوەی نوێ و داهێنان خەرج کرد، ئەگەرچی لەماوەی ژیانیدا شوێنەواری چەندان ئافرەت دەبینرێ بەلام تاکو مردیش ژنی نەهێنا، یەکێک لەو ئافرەتانە مادام (بێرتای) Bertha کە ئافرەتێکی لێهاتوو نووسەرێکی باش بوو، یەکێک لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی( Ned med vapen)ە واتە نەهێشتنی چەک وەیان لەناوچوونی چـــەک.

دەلێن ئەم ئافرەتە زۆر کاری کردۆتە سەر ئەلفرێد نۆبل هەربۆیەش لەدوارۆژدا بریاری داوە لەوانەی کە خەلاتی نۆبلیان پێ دەدرێ ئەو کەسانەش بگرێتەوە کە خەبات دەکەن لە پێناوی

پاشماوەی ئەلفرێد..........
ئاشتی دا

زۆر لە سویدیەکان ئەلفرێدیان ، وەک کابرایەکی بێگانەیان لەقەڵەم دەدا. لەوانەیە ئەمەش هەرلەبەر ئەوە بێ کە ئەلفرێد زۆربەی زۆری ژیانی خۆی لەدەرەوەی (سوید)دا بەسەر بردووە، جگە لەمەش ئەو پێنج زمانی بیانی زۆر باش زانیوە وە لە ژیانی دا زمانی بێگانەی زیاتر بەکار هێناوە وەک لە زمانی زگماکی خۆی . بەڵام ئەوانەی کە لەکاتی مردنیدا لەدەورو بەری بوون گێڕاویانەتەوە و دەڵێن : لەو کاتەدا ئەلفرێد هەموو زمانە بیانیەکانی لەبیرچووتەوە ، تەنها بە زمانی سوێدی ئاخاوتووە .

لە ٢٧ی نۆڤەمبەری ١٨٩٥ ئەلفرێد نۆبل وەسیەتنامە بەناوبانگەکەی دەنووسێ کەکێ دووایی مردنی ئەو ببێتە خاوەنی ئەو هەموو سامانە زۆر و زەبەندە . ئەلفرێد لە هەموو ژیانی دا بە چاوێکی گومانەوە تەماشای پارێزەرانی کردووە و زۆر بڕوای پێیان نەبوو ، هەر بۆیەش وەسیەتنامەکەی بەڕێگای ئەوانەوە نەنووسیوە و هەر بە تەنها خۆی لە ژێرەوە ئیمزای کردووە. دووای یەک ساڵ ، واتە لە ١٠ی دیسەمبەری ١٨٩٦ ئەلفرێد نۆبل لە ( سان ڕیمۆ ) لە ئیتالیا کۆچی دووایی کرد . وەسیەتنامەکە لە ٢ی جانیووەری ساڵی ١٨٩٦ دا ئاشکرا بوو . بۆ زۆربەی زۆری خەلک زەحمەت بوو لە لە ناوەرۆکی وەسیەتنامەکە بگەن . چونکە تێیدا هاتبوو کە ئەو هەموو ماڵ و سامانەی ئەلفرێد ، نادرێتە بە کەسێک یان چەند کەسێکی دیارکراو ، بەڵکو دەدرێتە فۆندێک ( وەقف ) کە ئەم فۆندەش نیە ، بەڵکو لە سەرەتا ئەبێ دابمەزرێ ئینجا ئەو هەموو ماڵە زۆرەی ئەلفرێد کە لە ڕێگای کۆمپانیەکانەوە دەست دەکەوێت هەمووی بکرێت بە پارە و وەک خەڵات بدرێتە ئەو کەسانەی کە لە بواری فیزیا ،کیمیا ،پزیشکی، ئەدەبیات و خەبات لە پێناو ئاشتی دا ، ساڵانە لە سەر ئاستی جیهان باشترین داهێنان و بەرهامیان دەبێت.

هەروەکو ووتمان لە سەر ناوەرۆکی وەسیەتنامەکە لە ناو خەڵکی سوێد دا مشتومڕێکی زۆری لە سەر کرا ، زۆر کەس دەیووت : وولاتێکی بچووکی وەکو سوێد چۆن دەتوانێ ساڵانە بزانێ کێ باشترین داهێنان دەکات لە سەرتاپای جیهان ، لە بوواری کیمیا ، فیزیا ، پزیشکی، ئەدەبیات یان ئاشتی . بۆیە ئەم گفتوگۆیە چوار ساڵی خایاند . ئەوە بوو ٢٩ی جانیووەری ١٩٠٠ وەسیەتنامەکەی وەک خۆی قبوڵ کرا و کوتایی بەو هەرا و هوریایە هات . و لە ساڵی ١٩٠١ بۆ یەکەمین جار خەڵاتی نۆبل دابەشکرا . و ئێستاش هەموو ساڵێک لە ١٠ی دیسەمبەر واتە ڕۆژی مردنی ئەلفرێد نۆبل کراوە بە ڕۆژی دابەشکردنی خەڵاتەکە .

ئەمڕۆ خەڵاتی نۆبل بە پایەدارترین و بە نرخترین خەڵات دەژمێردرێت لە جیهان دا . تا کو ئێستاش بە سەدان کەس لە سەرتاپای جیهان و لە نەتەوەی جیا جیا ، ئەم خەڵاتەیان وەرگرتووە . هەموو خەڵاتەکانیش لە ستوکهولم ( پایتەختی سوێد ) دابەش دەکرێ ، بێجگە لە خەڵاتی ئاشتی کە لە ئوسلو ( پایتەختی نۆروێژ ) دابەش دەکرێ .

- بوخاری خدر-

سەرچاوە:
ئەم ووتارە لە کیتابی ژیانی(ئەلفرێد نۆبل) بە دەستکاریەوە وەرگێڕاوەتەوە سەرکوردی

دوو چیرۆک بۆ زارۆکان

نڤیسینا : ل . ن . تولستوی

وەرگێرانا : نسرەت حاجی

# شێر و کەر

رۆژەکێ شێر چوو نێچیرێ ، کەرەک بخوەرا بر و گۆتە کەری: "تۆ وەرە کەرو، لناڤ دارستانێ بهەموو هێزا خوە بزڕە. گیانەوەر دێ ژبەر دەنگێ تە رەڤن ، ئەزێ وان بگرم و بخۆم" وان واکر کەر زڕی ، گیانەوەر رەڤین و شێری ئەو گرتن . پشتی گرتنا وان شێری گۆتە کەری : "گەلەک باش بوو ، ئەز هەر پەسنداریێ تەمە ، زڕینا تە گەلەک باش بوو.
ئها ژ هینگێ ودرە کەر هەر دزڕیت و هەر لهیڤیێ یە پەسنا وی بێتە کرن .

&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&



# شێر و رۆڤی

شێر ژ پیراتیێ ئێدی نەدکاری بۆ خوارنا خوە گیانەوەرا بگریت ، ژ بەر هندێ بریار دا کو ڤێ جارێ بفێلبازی بژیت . ئەو چوو کەتە دهوندرێ شکەفتەکێ دا و خوە نەخوەشکر .
گیانەوەرێن دی دچوونە سەرەدانا وی ، هەریەکی کو دچوو دشکەفتێ ڤە ددف شێری ، وی ئەو دگرت و دخوار . روڤی دڤێ چەندێ گەهشت و ئەو لبەر دەرێ شکەفتێ راوەستا گۆت :
-چ دکی شێر ، رەوشا تە چەوایە ؟
شێری گۆت :
-نەباشە لێ تۆ چما ناهێیە ژۆر ؟
رۆڤی بەرسڤا وی دا و گۆت :
-ژبەر وێ ناهێمە ژۆر ، چونکی شونپیا دبینم ، هاتنا ژۆر گەلەکن ، لێ دەرکەفتن نینە .

تێبینی : کاک ( نسرەت حاجی ) ئەڤ دوو چیرۆکێن زارۆکان ژ زمانێ رۆسی وەرگێراینە سەر زمانێ کوردی

# کۆنگرەی ساڵانەی کۆمەڵەی کولتووری کوردستانی لە یۆنشۆپینگ

لە رۆژی شەممەی رێکەوتی ١٩٩٥/١٢/٢ کۆمەڵەی کولتووری کوردستان لە شاری یۆنشۆپینگ کۆنگرەی ئاسایی ساڵانەی خۆی بەست . کۆنگرە کارەکانی خۆی بەوەستانی دەقیقەیەک رێزگرتن بۆ گیانی شەهیدان دەستی پێکرد . لە سەرەتا دا سەرۆکی کۆمەڵە بە ناوی کۆمیتەی کارگێرەوە بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد ، دوای ئەمەش بۆ بەرێوەبردنی کۆنگرە دیوان هەڵبژێردرا و سەرژمێری ئەندامان کرا ، کە زۆربەیان ئامادە ببوون . واتە بەستنی کۆنگرە بە پێی پەیرەوی ناوخۆی کۆمەڵە رەواکرا . هەروەها هەندێ لە ئەندامانیش کە لە بەر هەندێ هۆی رەوا نەیانتوانی بوو ئامادە بن و کۆنگرەشیان بەمە ئاگادار کردبووەوە ، وەکو ئەندام هەر دەمێنن .
پاش هەڵبژاردنی دیوان نۆرەی خوێندنەوەی راپۆرتکان هات کە بەم جۆرەی خوارەوە بوون :

١- راپۆرتی چالاکییەکان :
ئەم راپۆرتە لە لایەن ئەندامی کۆمیتەی کارگێر کاک (رزگار کێستەیی )ەوە خوێندراوە . لە راپۆرتەکەدا تەواوی ئەو چالاکیانە هاتبوون کە کۆمەڵەکەمان لە ماوەی یەک ساڵ ئەنجامی داوون . ئەگەر ئێمە چالاکیەکانی ئەم ساڵ لەگەڵ چالاکیەکانی ساڵانی رابردوو بەراوورد بکەین ، دەبینین کە پێشکەوتنێکی بەرچاویان پێوە دیار بوو چ لە رووی چەندایەتییەوە و چ لە رووی چۆنایەتییەوە .
دووای هەندێ پرسیار و گفتوگۆ ، کۆنگرە راپۆرتەکەی پەسەند کرد .

٢- راپۆرتی دارایی :
ئەم راپۆرتە لە لایەن ئەندامی کۆمیتەی کارگێر کاک (نیازی عەباس )ەوە ئامادەکرابوو و هەر لە لایەن ئەویشەوە خوێندرا . لە راپۆرتەکەدا هاتبوو کە کۆمەڵە ئەم ساڵ لە ئەنجامی چالاکی هەمەجۆر توانیوویەتی باری ئابووری کۆمەڵە پێشبخات . و دیسان دیاری کرد کەوا ئەم ساڵ هەموو پارە خەرجکردنێک بە رەزامەندی تەواوی کۆمیتەی کارگێر بووە . جگە لە مەش لە ٩٥٪ پارەکە بە رێگای پۆستگیرۆ مامەڵەی لەگەڵ کراوە . ئەو لە ٥٪ ش کە بە دەست خەرجکراوە هەموو بە Kvittoبووە و هەر ئەندامێک بۆی هەیە کۆنترۆڵی یان تەماشای ئەو راپۆرت و Kvittoکان بکات .
هەروەها لە راپۆرتەکە دا هاتبوو ، کەوا ساڵی پار کۆمیتەیەکی (٣) کەسی هاتبوو هەڵبژاردن بۆ ئەوەی هەر (٣) مانگ جارێک کۆنترۆڵی دارایی کۆمەڵە بکات . بەڵام بەداخەوە کۆمیتەکە تەنها (٢) جار کۆنترۆڵی دارایی کرد و دووایی وازی هێناوە .
ئەم راپۆرتەش پاش ئەوەی هەندێ گفتوگۆ لە سەر کرا ، لە لایەن کۆنگرەوە پەسەندکرا .

٣-پەیرەو و پرۆگرامی کۆمەڵە :
کۆنگرە بریاری دا کەوا خاڵی ( ب ) لە دەستووری کۆمەڵە بگۆردرێ کە بەم جۆرە بوو (ئەندام دەبێت بە لای کەمەوە مانگێک پێش کۆنگرە ئابوونەی ئەندامێتی خۆی دابێت ، دەنا

دەنا بۆی نیە نە دەنگبدات و نە خۆی هەڵبژێردرێت ) کۆنگرە بریاری دا کە بۆ ئەم جۆرەی خوارەوە بگۆڕدرێت : (هەرکەسێ تا ( ٣ ) مانگ پێش کۆنگرە ئابوونەی ئەندامێتی خۆی دابێت حەقی خۆ هەڵبژاردن و دەنگدانی هەیە، دەنا لەدوای ئەو کاتەوە ئەو مافەی نامێنێت ).

## ٤ -بڕیار و پێشنیار :

بۆ باشترکردنی رەوشی کۆمەڵە ، کۆنگرە ئەم چەند بریار وپێشنیارانەی خوارەوەی پەسەندکرد :

ئا- هەڵبژاردنی کۆمیتەی چاودێر،کە پێکهاتووە لەم سێ برادەرانە :

١- کاک نەورۆز مەردان
٢- کاک ئازاد هۆمەر
٣- کاک سەباح بەرزنجی

ئەم کۆمیتەیە ئەرکی ئەوەیە چاودێری چالاکیەکانی کۆمەڵە بکات ، لە سەرووی هەمووشیانەوە : کۆنترۆلی دارایی کۆمەڵە . هەروەها کۆمیتەکە راپۆرتی ساڵانەی خۆی ئامادە دەکات و لە کۆنگرەی ساڵانەی کۆمەڵە دا پێشکەشی دەکات .

ب -سەبارەت نووسین لە گۆڤاری ( پەیام )دا : نووسەرەکان خۆیان بەرپرسیار دەبن لە ناوەرۆکی نووسینەکانیان ، نەک دەستەی نووسەران .

ج - کۆمەڵە دەبێت پتر گرنگی بە رۆڵی ئافرەت و منداڵ بدات .

## ٥ - هەڵبژاردنی کۆمیتەی کارگێری تازەی کۆمەڵە :

کۆنگرە (٧ ) کەسی هەڵبژارت بۆ کۆمیتەی کارگێری تازەی کۆمەڵە . کە (٥ ) کەس لە وانە هەمیشەیی و (٢ ) کەسیش وەکو ئەندامی جێگرن . کە لەم خوشک و برایانەی خوارەوە پێکهاتوون : (مامۆستا عبدالقادر شەوکەت- بوخاری خدر -ئازیزا تاها - نیازی عەباس - رزگار کێستەیی -شێخ نزار -جلیل علی ).

ئەوەی شایانی باسە کە کۆنگرە رۆڵی کۆمیتەی کۆنی بەباشی هەڵ سەنگاند، بە تایبەتی لە بەر هەندێ چالاکی زۆر بەرچاو کەوا ئەنجامیان داوون وەکو :دەرکردنی گۆڤاری (پەیام ) بە بەردەوامی و کرینی ( کومپیوتەر )ێک بۆ کۆمەڵە و وەرگرتنی یارمەتییێکی باشی دارایی لە دەزگاکانی دەوڵەت بۆ بەرێوەبردنی چالاکیەکانی کۆمەڵە و هەروەها رێگا خۆشکردن بۆ بەشداربوونی ژنان بە شێوەیەکی بەرچاو لە چالاکیەکانی کۆمەڵە دا .

کۆنگرەکەمان بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە کارەکانی هێنا .

پاش ئەوە لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی کارگێری تازەدا ، کارەکان بەم جۆرەی خوارەوە دابەشکران :

| | |
|---|---|
| ١ - مامۆستا عبدالقادر شەوکەت | سەرۆک |
| ٢- ئازیزا تاها | سکرتێر |
| ٣- نیازی عەباس | بەرپرسی دارایی |
| ٤- بوخاری خدر | بەرپرسی پەیوەندیەکان |
| ٥ - رزگار کێستەیی | بەرپرسی کاروباری کولتوری |

- کۆمیتەی کارگێر -

# هۆنەرمەند سەردار کێستەیی

## کاریکاتێرێ کوردی سەروچاڤێن خوە یێن تایبەتی هەنە



لڤێ داویێ گەلەک پۆستەرێن کاریکاتێری یێن کاک سەردار کێستەیی دوان رۆژنامە و گۆڤاران دا بەلاڤ دبوون یێن کو ژکوردستانێ دگەهشتنە دەستێ مە .کو براستی پۆستەرێن سەرکەفتی بوون . ژبەر وێ یەکێ ژی مە پێ خۆش بوو کو ئەم بشێین جارەکێ ڤی هەڤالی لسەر لاپەرێن (پەیام )ێ مێڤان بکەین ،دا کو چەند پرسەکا ئاراستەی وی بکەین لسەر کاروژیانا ویا هۆنەری . ئەو بوو مە ژی چەند چەند پرسەک ژێرە شاندنە کوردستانێ و وی ژی ئەڤ بەرسڤێن خوارێ هەر برێکا نامێ بۆ (پەیام )ێ شاندن کو جهێ سوپاسیێ یە:

پ/ سەردار کێستەیی کی یە ؟

ب/سەرداری سالحێ مەلا ئیسڤی . لسالا ۱۹۷۳ لگۆندێ کێستەیێ سەر بدەڤەرا (بەرواری بالا ) هاتیمە دنیایێ . پشتی کو رژێما بەغدا لسالا ۱۹۷٦ێ گۆندێ مە وێرانکری ، ئەم هاتینە ڤەگوهازتن بۆ **دهۆکێ** و لوێرێ ژی من خواندنا خوە تاکو شەشێ سەرەتایی خواند ،لێ ژبەر کو بابێ من پێشمەرگە بوو ، لسالا ۱۹۸٦ێ ئەم ژمال هاتینە دەرێخستن و تاکو سالا ۱۹۹۱ێ هەر لچیا وکەمپێن ترکی دەربەدەر بووین . ژبەر ڤێ یەکێ ژی ئەز ژخواندنا خوە هاتمە بێپارکرن. نها ژی لباژارێ دهۆکێ لژێریا کوردستانێ دژیم .

پ/تە چەوا هۆنەرێ کاریکاتێری هەلبژارت و کەنگی ؟

ب/پشتی نێرینەکا کویر لژیانا جڤاکی و دەستکورتیا هاوولاتیان و ڤالاهیا رۆژنامەگەریێ ژ کاریکاتێری ل دەڤەرا دهۆکێ .

پ/ئەرێ تە ئەڤ هۆنەرە خواندیە یان ژی هەر وەک ئارەزوو تە دەستپێکریە ؟

ب/ نەخێر ، من هۆنەر نەخواندیە ، ژبەر کو رەوشا سیاسی یا کوردستانێ ئەو دەلیڤە نەدا من ، کو ئەز بخوینم هەر وەکی من دپرسا ئێکێ ژی دا دیارکری . لێ من وەک ئارەزوو دەست دایە ڤی هۆنەری .

پ/ دبەرنامێ تەدا هەیە کو تۆ ددەمێ بێت دا لخواندنگەهەکێ ڤی هۆنەری بخوینی ؟

ب/ ئەڤە خوەزیا منە ، لێ جهێ داخێ یە ، کو هیچ رێکەکێ نابینم بۆ ڤێ چەندێ . ئێکەمین رێک پەیمانگەها هۆنەرێن جوان بوو . لێ ئەوان ژی هندەک مەرجێن تایبەت هەنە کو ژ من ناگرن ، ژبەر رەوشا من یا خواندنێ یا کو من لپێشیێ دیارکری .

پ/ تۆ ئاستێ هۆنەرێ کاریکاتێری ل کوردستانێ چەوا دبینی ؟
ب/ ژ ساڤاتیێ دەرباز بوویە و بسەر چارلەپکا کەفتیە و بەرەڤ ڕابوونا پیا دچیت . لێ ئازادی بخۆڤە نەدیتیە !!
پ/ بابەتێن کو تۆ پتر بکار دئینی چنە (پولیتیک- کۆمەلایەتی.....) ؟
ب/ کاریکاتێر کێم و کاسی و دیاردێن نەرەوا و هەرفینەر و ئێش و ئازارێن خەلکێ هەژار دنێڤ جڤاکی دا بەرچاڤ دکەت . رەوشا ئیرۆ یا کوردستانێ ژی لسەر من پێدڤی دکەت کو کو ، خیچکێن کاریکاتێری ژی د دوورنەبن ژ ڤێ ژیانا ئەم تێدا دبوورین .




پ/ تۆ ژ کاریکاتێرێن کێ حەز دکەی ( ژ بیانی و کوردان ) ؟
ب/ ژبەر پەیدا نەبوونا گۆڤار و رۆژنامێن بیانی و بەرهەمێن کاریکاتێرڤانان لبەر دەستێ مە... ژ بۆ مە نیاسینا هۆنەرمەندێن کاریکاتێرڤان پچەک زەحمەتە . لێ ئەز ژ کاریکاتێرێن هۆنەرمەندێ ( لیبی ) ( **محمد محمد الزواوی** ) کوب ( **الزواوی** ) تێتە ناسین ، حەز دکەم و ژ کوردان ژی ئەز حەز ژ کاریکاتێرێن هۆنەرمەند ( **محمد سالەیی** ) دکەم .
پ/ تە تا نهە چ بزاڤ و چالاکیێن هۆنەری کرینە ؟
ب/ من دوو پیشانگەهێن تایبەتی ڤەکرینە . یا ئێکێ لرۆژا ١٩٩٤/٣/٢٧ ژلایێ **ئێکەتیا هۆنەرمەندێن ئێککگرتیێن کوردستانێ** ڤە لبازارێ دهۆکێ بۆ من هاتە سازکرن و یا دووێ ژی لرۆژا ١٩٩٥/٤/١٩ هەر لبازارێ دهۆکێ ژلایێ **کۆمەلا هۆنەرمەندێن کوردستانێ** ڤە هاتە سازکرن . دیسان بەرهەمێن من یێن کاریکاتێری دگۆڤارا **مەتین** و هەفتینامە **پەیمان** دا هاتینە بەلاڤکرن . و نوکە ژی ئەز کاریکاتێرڤانێ گۆڤارا **گازی** مە ،کو تا نهە پتر ژ ( ٤٠ ) کاریکاتێرێن من تێدا هاتینە بەلاڤکرن .
پ/ ئەرێ تۆ د رێخستنەکا هۆنەرمەندا دە ئەندامی یان نە ؟
ب/ بەلێ ، ئەز ئەندامێ کۆمیتا کارگێرم یا **کۆمەلا هۆنەرمەندێن کوردستانێ** لقێ دهۆکێ .
پ/ گەلو ژ بلی کاریکاتێری تۆ بچ کارەکێ دیڤە خەریک دبی ؟
ب/ ژ بۆ پەیدا کرنا پارییێ نانی ژبۆ ژیانێ ، ئەز دوورینکاریێ (خیاتیێ)ژی دکەم .

پ/ تە چ ئاخفتن هەيە بۆ خوينەران ؟

ب/ ئەز دبيژم بلا ئەم هەمی پالپشتيێن پەيام ێ بين چونكی پەيام ژمەيە و بۆ مەيە ، و ببەرهەميێن خوينەران دێ ئەو گەهيتە گۆپيتكا سەركەفتنێ .

پ/ پەيڤا تە يا دوماهيێ ؟

ئەز هيڤيدارم ژ هەمی هۆنەرمەندا ن ، كو شێوازێ هۆنەرێ كوردی و چێژا كوردەواريێ بپارێزن دنێڤ هۆنەرێ خوەدا ، بتايبەتی ژی كاريكاتێرڤان ، چنكو كاريكاتێرێ كوردی سەروچاڤێن خوە يێن تايبەتی هەنە . ل دوماهيێ ژی سوپاس ژ بۆ پەيام ێ و ڤێ هەڤپەيڤينا پۆستەيی و داخوازا پێشڤەچوونێ بۆ دكەم و سەركەفتی بن دكارێ خوە دا .

ئەم ژی ل دوماهيێ بناڤێ پەيام ێ سوپاسيا كاك سەرداری دكەين و هيڤيا پێشەرۆژەكا گەش بۆ وی دخوازين دهۆنەرێ وی دا و خزمەتا وی ژ بۆ رۆژنامەگەريا كوردی جهێ شانازيێ يە .






## لە میهرەبانی غاندی

جارێکیان کە غاندی لە یەکێک لە مانگرتنەکانیدا لە خواردن کە لە داخی شەڕی براکوژی لە نێوان ئیسلامەکان و هیندۆسەکاندا دەستی پێکردبووەوە پەرێشان ببوو ، پارتی کۆنگرە داوای لە خەڵکی دەکرد کە واز بێنن لەو شەڕە ، دەنا غاندی لە برسان دەمرێ ، جا دەستە دەستە خەڵک دەهاتن بۆ لای و تکایان لێ دەکرد کە ڕۆژووەکەی بشکێنێ بەڵام بێسوود بوو . ڕۆژێکیان کابرایەک هات بۆ لای ، پارچەیەک نانی بە دەستەوە بوو لە گەڵ خەنجەرێک ، ڕووی کردە غاندی و دەستی بە نانەکە وە ڕاکێشا بۆی و وتی : ها ئەم پارچە نانە بخۆ با نەمری چونکە نامەوێ کە چووم بۆ جەهەنەم ویژدانم قورس بە تاوانی تۆشەوە ئیتر دایە پرمەی گریان و وتی : خێزانێکی بەختەوەر و خنجیلانەم هەبوو تا ڕۆژێکیان ئیسلامەکان هاتن و دوو منداڵی پارچەڵەی جوانم هەبوو ، هەردووکیان کوشتن ، باشە ئێستا من چۆن ئەو دەردەم سارێژ کەم ، ئایا هیچ هێزێک هەیە ئەو خەمەم لە بیر بەرێتەوە ؟ غاندیش بە بێ هێزی یەوە لەژێر لێودوە وتی : ئەگەر دەتەوێ ئەو برینەت سارێژ کەی بڕۆ بگەڕێ بە شوێن دوو منداڵی ئیسلامدا وەک ئەوانەی خۆت کە دایک و باوکیان لە دەست چووبێ و بیانکە بە منداڵی خۆت ئەو کاتە برینەکەت سارێژ دەبێ .

## - پیرۆزبایی -

بە بۆنەی هەشتی ئازار ( ڕۆژی ئافرەتانی جیهانی ) گۆڤاری پەیام گەرمترین پیرۆزبایی لە تەواوی ئافرەتانی کوردستان دەکات .

## بانگەواز :

لە سەر داخوازی هەندێک لە ئافرەتانی ئەندام لە کۆمەڵەکەماندا کە دەیانەوێ لکێکی تایبەت بە خۆیان هەبێت ، هەروەها وەکو لە پەیرە و پرۆگرامی کۆمەڵەدا هاتووە کە ئافرەتان دەتوانن لکی تایبەت بەخۆیان هەبێت . بۆیە بە پێویستمان زانی کە داوا لە هەموو دایکان و خوشکانی کۆمەڵە بکەین کە لە ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ٢٣ / ٣ / ١٩٩٦ ،کاتژمێری سێی پاشنیوەڕۆ لە لۆکاڵی کۆمەڵە ئامادە ببن بۆ ئەو مەبەستە .

> چارەنووسی وڵاتەکەم ئازارم دەدات لەبەر ئەوە نییە کە نرخی نان و خۆراک بەرز دەبێتەوە ، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە نرخی مرۆڤ لەدابەزین دایە .
>
> - حەمزەتۆف -

# A . B . F

(تێکستێکی بچووک لە بارەی شتێکی گەورەوە ) .

A B F وەکو لە ناونیشانەکەی سەرەوە دا دیارە بریتی یە لە کورتکراوەی سێ وشە کە بە کوردی بە مانای ( کۆمەڵەی رۆشنبیریی کرێکاران ) دێت . وەکو لە ناونیشانەکەی دا دیارە کە ئەم دەزگایە وەکو ناوەند کرێکاری مەبەستە ، کە بە واتایەکی گەورەتر چینی نەدارا دەگرێتەوە . ئەوی راستی بێت پێویستە باسەکە بە کورتەیەکی مێژوویی دەست پێ بکەم : ئەم رێکخراوە کاتی خۆی لە سوید لە لایەن پارتی ( سۆسیال دیموکراتەوە ) دروست کراوە لە سالی ١٩١٢ بە هاویکاری لەگەڵ (رێکخراوی وڵات ) Landet Organisation و چەند وردە رێکخراوێکی تری بچووک . ئامانج و مەبەستی سەرەکی لە درووستکردنی ئەم رێکخراوەیە ، ئەوە بووە کە فێربوون و کولتوور تەنیا وەقف نەبێت لە سەر چەند کەسێک و باقی میللەت بێ بەش بێت لێی . چونکە وەکو دیارە کە کاتی خۆی لە سویدیش دا وەکو هەموو وڵاتێکی تر هەموو کەس بۆی نەلواوە کە بخوێنێت و لە چالاکی یە کولتووری یەکاندا بەشداری خۆی بکات و سوودی لێ ببینێت . دیارە چینی کرێکار و زەحمەت کێش سەرتۆپی بێ بەشانن لە کۆمەڵ دا بۆیە کرێکاری لە ناوەندی خولگەکەدا داناوە و کردوویەتی بە مەبەست . یەکەم ساڵ کە درووست بوو دەوروبەری هەزار کەسێ بەشداری کرد لە چالاکی یەکانی دا ، ئەورۆکە دەوروبەری نۆسەد هەزار کەسی لەخۆی کۆکرووەتەوە . ئەمرۆکە هەڵبەت فرسەتی فێربوون و بەشداری کردن لە چالاکییە کولتووری یەکان زۆر زیاترە بەڵام بە بەردەوامی خەباتی (ئای .بی . ئێف ) هەر ماوە و هەوڵ دان هەر بەردەوامە و مرۆڤ لە لای هەر شتێکی سەرەکی یە . بەردی بناغەی ( ئای . بی . ئێف ) ئەڵقەی خوێندنە ، کە بەشداران دەبنە خاڵی ناوەڕاست لەو ئەڵقەیەدا و شارەزاییان دەبێتە رێ پیشاندەر بۆ کارەکە کە لە هەمان کات دا مامۆستاکەش ناوکی مێتۆدی ( ئای . بی . ئێفە ) ە و شارەزاییەکەشی ناوەرۆک دەدات بە خوێندنەکە . بە هەزارەها کەس بەشداری دەکات لە چالاکییە کولتوورییە جیا جیاکاندا وەکو : دروومان ، وێنەگرتن ، شانۆگەری .....هتد ، کە بێ گومان وا لە مرۆڤ دەکات کە هەست بکات کە خودی خۆی دەتوانێت بە ئاسوودەگی شت درووست بکات و بێنێتە کایەوە . ئەم رێکخراوە هەوڵ دەدات بۆ پێشخستنی راددەی رۆشنبیری خەڵک بە بێ جیاوازی لە نێوان گەنج و پیر ، ساغ و دەستەوستان ، هاووڵاتی و بێگانە ، هەروەها ئەوەشی خستۆتە بەر چاو . بۆیە هەوڵ دەدات کە کارێکی وا بکات کە کولتوورێکی کراوە بێنێتە کایەوە و بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵ دەدات کە یەکتر ناسین لە نێوان سویدی و بیانیەکاندا پتەو بکات و دژ بە بیری رەگەز پەرستی بووەستێتەوە و هەوڵ بدات بۆ نەهێشتنی . ( ئای . بی . ئێف ) وەکو نەریت هەموو کاتێک پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا هەبووە ، هەروەها ئەندامیشە لە I F W E A واتە ( فیدراسیۆنی کۆمەڵە رۆشنبیریەکانی کرێکارانی جیهانی).

جگە لەمەش دەوڵەتەکانی سەروو NORDISKA LÄNDER بەیەکەوە کۆمەڵەیەکی تایبەت بە خۆیان هەیە ، هەروەها وڵاتە ئەوروپای یەکانیش بەیەکەوە فیدراسیۆنێکیان دروست کردووە بە ناوی (EUROWEA) . لە ناو هەموو ئەو شەست وڵاتە بەشدارەی کە هەن ، ( ئای . بی . ئێف ) ی سویدی لە هەموویان زیاتر دەستی یارمەتی درێژ دەکات و چالاکە لەو کارەدا بۆ نموونە لە زۆر شوێنی وەک ئاسیاو ، ئەمەریکای خواروو ، ئەوروپای رۆژهەڵات و ئەفەریقا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ... هتد . ئەم لەم بووارەدا هاریکاری یەکسەر لەگەڵ خودی رێکخراوەکاندا دەکات نەوەک لەگەڵ رژێمەکاندا ، هەروەها هاریکاریەکەشی یارمەتی دانە بۆ بەرزکردنەوەی رادەی کارامەیی ئەو رێکخراوانە بۆ ئەوەی بە دەوری خۆیان ئەوانیش بتوانن بە ایهاتوویی یارمەتی خەڵکی تر بدەن .

زۆر رێکخراو هەیە کە سەر بە ( ئای . بی . ئێف )ە ، وەک : رێکخراوەی کرێکاران و بزوتنەوەی دەستەوستانان و رێکخراوی بیانیان و ...هتد .

ئەم رێکخراوە لەهەموو شوێنێکی ئەم وڵاتەدا هەیە ، لە شارە هەرە گەورەکانەوە ،بۆ شارە هەرە بچووکەکان ، هەروەها لە(کیرۆنا)ەوە بۆ (تریلیبۆری )و هەوڵ دەدات بەردەوام بۆ جێ بەجێکردنی چالاکییە کولتووری و رۆشنبیرییەکان و هەر هەفتە بە سەدەها هەزار مرۆڤ یەکتر دەبینن بە هۆی ئەو چالاکیانەوە ، شایانی باسە کە لە سەدا نەوەدی دانیشتووانی سوید ئەم رێکخراوە دەناسن .

تێبینی :

ئەم نووسینە لە نامیلکەی En liten text om något stort کورت کراوەتەوە و خراوەتە سەر کوردی

– عەبدولقادر شەوکەت –

## داخوازا لێبورینێ

د ژمارا ( ٣ ) یا پەیامێ دا ، رۆژا وەغەرکرنا هونەرمەند **تحسین طه** لشوونا ٢٨/٥/١٩٩٥ ، بشاشی ٢٨/٧/١٩٩٥ هاتیە نڤیسین ، کو شاشیەکا چاپێ یە .

بڤێ هەلکەفتنێ ئەم داخوازا لێبوورینێ ژ هەموو خویندەڤانان دکەین .

– پەیام –

# گۆشێ هیبوونا ئەلفابێ یا کوردی/لاتینی

ئامادەکرن: رزگار کێستەیی

نڤیسینا گۆشێ مە یێ ڤێ جارێ بابەتەکە ژ پەرتووکا نەمر رفیق حلمی، بەشی دووەم .

## هەڵکرانی ئاڵای کوردستان

لە مالی "شێخ قادر " ی رەئیسی مەجلسی میللی کۆبوونەوە یەکی گەورە رێخرا و لە دووای گفتوگۆیەکی دوور و درێژ بریار درا کە لە –مزگەوتی گەورە – (موتەمەر)ێکی گشتی بگێرێ و بە دەستوورێکی رەسمی (ئاڵای میللی کورد ) هەڵکرێ . لەو رۆژە دا کە بۆ ئەم موتەمەرە دانرا بوو نزیکەی (دە) هەزار کەس لە مزگەوتی ناوبراو کۆبوونەوە . ئەندامەکانی مەجلسی میللی لە ناوراستی حەوشی مزگەوت لە جێ (حەوزە )کەی ئیمرۆدا بەرێزەوە لە سەر کورسی دانیشتبون . قوتابییانی مەکتەبەکان لە بەر دەمی ئەوانا رێزیان بەستبوو . بە ئاوازێکی شیرینی دڵ رفێن کچ و کورر پێکەوە گۆرانی میللی یان ئەخوێندەوە . پیاوە ئەویست کە لەو ساتەدا فرمێسکی شادمانی نەرێژێ . من بە سەر دنیاوە نە مابووم. لە ئاسمانی خەیالا پەرر بازیم ئەکردو ئەفرریم . لە پر سەرکەوتمە سەر کورسی یەک . ووتارێکی دوور و درێژم خوێندەوە. لە بەر نەک لە سەر کاغەز . ووشەکان وەکو تەرزە لە دەمم ئەهاتە دەرێ . بەلام تەرزە یێکی وا بە راستی کە لە ناوە ندی ووتارەکەدا موچرکێکی سارد بە لەشما هات دانەکانم کەوتە چۆقە و ئەژنۆکانم هاتە لەرزین . ئەوە ندە نەمابوو کە لە کورسیەکە بکەومە خوارەوە . بەڵام دانم بەخۆما گرت و هەر چۆنی بێ ووتارەکەم گەیاندە دووایی .
ئینجا لەگەڵ گۆرانی تایبەتی قوتابییان و دە نگی (مۆزیقە ) ی عەسکەری ئاڵای کوردستانی بەرێز ووردە ووردە بەرزبوە وە و هەڵکرا .

### تێبینی

من ئەڤ پارچە نڤیسینە بێ دەستکاری ژ پەرتووکا نەمر (رفیق حلمی ) وەرگرتیە ، ژبەر وێ یەکێ ژی ئەگەر کێماسیەکا گراماتیکێ یان ژی رێنڤیسێ تێدا هەبیت ژی هەر ژ نڤیسینا پەرتووکێ یابنگەهینە و ژبەر وێ یەکێ ژی مە نەخوازت دەستکاری بکەین ، ژبەر کو ئارمانجا مە تەنێ هیبوونا رێنڤیسا لاتینیە .

# Helkrani Alay kurdstan

Le malî "Şêx Qadir " î reyîsî meclisî mîllî kobûneweyekî gewre rêxra û le diwayî giftugoyeki dûr û drêj bryar dira ke le -Mizgewtî gewre - mutemer ekî giştî bigêrê û be destûrêkî resmî ( Alay mîllî Kurd ) helkrê . Lew rojedo ke bo em mutemere danra bû nizîkey ( de ) hezar kes le mizgewtî nawbiraw kobûnwe .Endamekanî Meclisî Mîllî le nawrastî hewşîmizgewt le cê ( hewze) key îmro da berîzewe le ser kursî danîştibûn . Qutabyanî mektebekan le ber demî ewana rêzyan bestibû . be awazêkî şirînî dilrifên kiç u korr pêkewe goranî mîllîyan exwêndewe . Piyawim ewîst ke lew sateda firmêskî şadmanî nerêjê . Min be ser dinyawe ne mabûm . Le asmanî xeyala perr bazîm ekird . Le pir serkewtime ser kursiyek , wutarêkî dûr û drêjimxiwîndewe . Le ber nek le ser kaxez . Wuşekan weku terze le demim [illegible] hate dere. Belam terzeyêkî wa be rastî ke le nawendî wutarek eda mûçirkêkî sard be leşma hat danekanim kewte çoqe û ejnokanim hate lerzîn. Ewende nemabû ke le kursiyeke bikewime xiwarewe . Belam danim be xoma girt û her çonî bê wutarekem geyande diwayî , inca legel goranî taybetî qutabyan û dengî ( mozîqe ) y eskerî Alay Kurdstanî berêz wurde wurde berizbiwewe û helkra .

## نامێن خويندەڤانان

نامەيەک ژ هەڤالێ رۆژنامەڤان کاک(نسرەت حاجی) گەهيشتە پەيامێ ئەم ژی نامێ لخارێ بۆ هەوە بەلاڤ دکەين :

هەڤالێن دەستەکا نڤيسەڤانێن پەيامێ

پشتی سلاڤ و رێزا

هەردوو ژمارێن گۆڤارا (پەيام)گەهشتن و من ئەو خواندن. پێنگاڤەک گەلەک باشە و کارەک پڕ پيرۆزە وە دەستپێکری . ئەز باوەرم هوين دێ تێدا سەرکەفتی بن. کارەکە شيان و خۆماندی کرن ژێرا دڤێ . ژ بەر هندێ کارێ هوين دکەن ، هەموو کەسا پێ چێ نابيت. خزمەتەک مەزنە ژ بۆ پێشڤەبرن و رەنگين کرنا کولتوورێ کوردی. خودێ بکەت پێشڤەچوون دکارێ وەدا هەبيت و کانيا هەوە زوی هيشک نەبيت، نەکانيبهاری بيت. وەکی زۆر ژۆژنامە و گۆڤارێن کوردی. من چەند تێبينيەکێن کێم و بچووک هەنە

١-بديتنا من باشترە ئەگەر هوين لسەر رويێ پێشيێ ديارکەن چ دەم دەردکەڤيت، ، هەفتانەيە، مەهانەيە......هتد .

٢-هندی بشێن لاپەری سپی نەهێلن . ئەگەر بابەتەک بدوماهی بێت و بنێ پەری سپی بمينيت ، باشترە تشتەکی تێدا بنڤيسن هەرچ بيت. ژ بەر کو پەرێ نيڤ رەش و نيڤ سپی بێزەوڤيێ بۆ خويندەڤانی پەيدا دکەت .

٣-ئەگەر هەوە شيان هەبن هەر لاپەرەکی بکەن دوو ستوين . ئانکۆ بستونی (عمودی) بابەتان بنڤيسن دا کو پتر رەنگێ گۆڤارێ بدەت.

٤-رۆژا وەغەرکرنا هونەرمەند (تحسين تاها ) ی شاشيەکا چاپێ چێبوويە. لشونا ٢٨/٥/١٩٩٥ هاتيە نڤيسين ٢٨/٧/١٩٩٥ .

هەروەسا کاک (نسرەت) چار چيرۆکێن زارۆکان ژ نڤيسينا (ل.ن.تولستوی) ژ رۆسی وەرگەراندنە کوردیێ وبۆ (پەيامێ) ناردنە .

ئەم ژی بناڤێ (پەيامێ ) سوپاسيا وی دکەين وپێشنيارێن وی بدلخوەشی وەردگرين . هيڤيدارين خويندەڤانێن پەيامێ ژ بەرهەمێن خوە بێبار نەکەت .

پێشنيارێن (١ و ٢ ) ئەم دێ دڤێ ژمارێ دا بجی ئينين و يا (٣ ) ژی نها دبە ئەم نکارين ، لێ ئەم دێ لپاشەرۆژێ هەولدەين وێ ژی بجيبينين . پاشماوە لاپەرە ٢٦

## بۆ زاخاوی مێشک :

# جارێکیان پاشایەک دەیەوێ پێشبڕکەیەک ساز بکات بۆ دوان لە سوارچاکەکانی ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەیەوێ ژیریيشیان تاقی بکاتەوە ، بویە پێیان دەڵێت :کە من دەمەوێ ئەمجارە بە پێچەوانەی جارانی ترەوە پێشبڕکێکە ببێت ، ئەویش ئەوەیە کە ئەم جارە ئەو ئەسپەی دوا کەوێت خاوەنەکەی دەیباتەوە . ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە هەردوو سورچاکەکە زۆر بە سووکی بڕۆن ، ئەگەر یەکێکیان هەنگاوێک بڕۆشتایە ئەوی تریان دەیکردە نیو هەنگاو . بەم جۆرە زۆر بە وردی دەڕۆیشتن و بە تەواوەتی دۆش دامان تا تووشیان بوو بە تووشی پیاوێکی پیرەوە . پیرەکە کە ئەو حاڵەتەی بینی لێی پرسین کەوا مەسەلە چییە ، ئەوانیش بۆیان باس کرد ، ئنجا پیرەکە شتێکی پێ وتن کە بووە هۆی ئەوەی کە با خێرایی سواری ئەسپەکان بیبینەوە و بکەونە ئەوەی کە زۆر بە خێرایی تێی تەقێنن .ئایا دەبێت ئەو پیرە چی بە سوارەکان گوتبێ کە ببێتە هۆی ئەوەی لەو گرفتە رزگار بین ؟

# جارکیان پاشایەک لە وەزیرەکەی بێزار دەبێ و دەیەوێ لە سەری بدات . بۆیە بە خەڵکەکە رادەگەیەنێ کەوا ئەم وەزیرە لە سێدارە دەدات بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەختێکی نیو بە نیوی دەداتێ بۆیە دوو پەرە کاغەز دێنێ و لەسەر یەکێکیان دەنووسێ مردن و لەسەر ئەوی تریان دەنووسێ ژیان . بەڵام لە راستی دا لەسەر هەردووکیانی نووسیوە مردن .هەروەها هەردوو کاغەزەکە دەخاتە ناو توورەکەیەکەوە بە وەزیرەکەی دەبێژێ کە یەکێکیان هەڵبژێرێت . وەزیری داناش بەم کەین و بەینە دەزانێ بۆیە بیر دەکاتەوە لەوەی کە لەو گێژاوە رزگاری ببێت . جا لەکاتی راکێشانی کاغەزەکان بە جۆرێک ئەم کارە دەکات کە ژیانی خۆی لە دەست نەدات .ئایا دەبێ بە وەزیری دانا بە چ شێوەیەک کاری راکێشانەکەی کردبێت ؟

# ئایا چۆن دەتوانیت ئەم کێکە بە سێ جار برین بکەیت بە هەشت پارچەی وەک یەکەوە ؟



# جارێکیان منداڵێک لەگەڵ چەند گەورەیەکدا نان دەخۆن . خواردنەکە گەرم دەبێت ، منداڵەکە دەست دەکات بە گریان ، لێی دەپرسن بۆچ دەگریت ،لە وەڵامدا دەبێژێت : خواردنەکە گەرمە ، ئەوانیش پێی دەبێژن دە لێی گەڕێ با سارد بێتەوە ، ئەویش دەبێژێت : ئاخر ئێوە لێی ناگەڕێن .

لە خۆشەویستی دا ، دڕکیش دەبێتە گوڵ
- پەندێکی فارسی -

## پێویستی یەکانی سەردەم و کۆنگرەی نەتەوەیی کورد .

وەکو ئاشکرایە یەکێک لەو ئاستە نگانەی کە رێ گرە لە بەرەوپێش چوونی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد ، ئاستنگەیەکی خۆیی ( زاتی ) یە ، کە پەیوەندی بە خودی شۆڕش و رێباز و رێکخراوی کوردی و کوردستانی یەوە هەیە ، وە هەر ئەو ئاستنگەشە بۆتە هۆی پاشەکشێ و هەرەس هێنان و ئاشبەتاڵی یەک لەدوای یەکی شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی دێرینەوە تا ئێستا ، وە زۆر جار رێکەوتی زۆر چاکمان بۆ هەڵکەوتووە ، بەڵام نەمان توانیوە لە بەرژەوەندی گەلەکەمان بەکاری بهێنن و زۆر لەو رێکخراوانەی رابەرایەتی ئەو شۆڕشانەیان کردووە باوەڕیان بەهێزی لەبن نەهاتووی گەلەکەمان نەبووە و زۆر جار هەر چاویان لەدەستی خێری ئەم دەوڵەت و ئەو دوژمن و ئەو زل هێز بووە و هەردەم ئەو سەرچاوە گەورەی ٣٠ - ٤٠ ملیۆن کەسەی خەلکی کوردستانیان لەبەرچاو نەگرتووە و لە بیر خۆیان بردۆتەوە و چارەنووسی کوردیان داوەتە بەر چارۆکەی ئارەزووەکانی خۆیان و خوێنی بە هەزاران و بگرە بە ملیۆنەهای ژن و منداڵ و لاوی کوردیان بە فیرۆ داوە .

ئنجا ئەو ئاستنگە خۆی یە ئەبێ چی بێت و چ رۆڵێکی هەبێت بۆ پێویستی یەکانی سەردەم ، بەڵێ ئەو ئاستنگە نەبوونی یەکیەتی کورد خۆیەتی ، وە لە هەمووی دژوارتر دژایەتی نێوان پارتەکانی بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی گەلەکەمانە و نەبوونی تاکتیک و ستراتیجیەتێکی هاوبەش لە نێوانیاندا ، رووکردنە لولەی تفەنگەکانیان بەرامبەر بە یەکتر و لە و رێگەیەشدا بە فیرۆدانی توانایەکی زۆری هێزی کورد و بە قوڕابردنی زیاتری ئابووری کوردستان و هەژارکردنی زۆربەی خەڵکی کورد .

هەندێ جار لەم لاو ئەولا چەند رێکخراوێکی کوردی پێکەوە بانگەوازی هاوبەشیان دەرکردووە و داوای کۆنگرەی نەتەوەیی یاخود کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانیان کردووە ، وە ئەم هەوڵ و تەقەلایانەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵەکانی حەفتاکان و لە پاشاندا لە ناوەڕاستی هەشتاکان و ئێستاش بابەتێکی سەردەمە و زۆر لایەن باسی لێ دەکەن و هەندێکی تریش بڕوبیانوی پوچ دەهێننەوە و گوایا ئەوە نەهاتووە .

لێرەدا جێی سەرسوڕمانە هەر ئەو پارت و رێکخراوانە لە پەیڕەو و پرۆگرامی حیزبەکانیاندا باس لە یەکیەتی خاکی کوردستان و هاوکاری نێوان رێکخراوە کوردی و کوردستانی یەکان دەکەن و لە هەمان کاتیشدا دەڵێن جارێ زووە و کاتی دایشتنێکی هاوبەشی هەموو لایەنەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد نەهاتوە لە هەموو بەشەکانی کوردستان ، لێرەدا پرسیارێک خۆی قوت دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە ئایا ئەوانە خۆیان دەخەڵەتێنن یاخود ئەندامەکانیان ، چونکە میللەتی کوردیان پێ هەڵناخەڵەتێ ، لەبەر ئەوەی میللەتی کورد هەردەم داواکاری یەکیەتی بووە .

ئەگەر پاش هەڵەبجە و ئەنفالەکان و شەڕی دڕندانەی سوپای تورک و جمهوری ئیسلامی و ریش پانەکانی ئێران دژی گەلەکەمان کاتی ئەو کۆنگرە نەتەوەیی یە نەهاتبێ ئایا دەبێ کەی کاتی بێت ، بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەو لایەنەی ئەو بیروڕایانە و تا ئێستاش بازرگانی بە خوێنی کوردەوە دەکەن ئامادەبونایە بۆ ئەم جۆرە کۆنگرانە و چیتر خۆیان

نەفرۆشتایە بەم دوژمن و ئەو دوژمن ، هەڵبەتە لەوانەبوو رێ لە کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفالەکان و بە ئارەزو هاتنەژورەوەی جەندرمەی تورکیش بگیرایە و مەلا ڕیش پانەکان و شۆڤینیەکانی سوریاش پیلانە گڵاوەکانی خۆیان بۆ نەئەچووە سەر .

ئەوەتا هەر تروسکاییەک دەکەوێتە سەر چارەنووسی گەلەکەمان بە پەلە کۆبوونەوەی نێوان پایتەختەکانی ئەنقەرە و تاران و دیمەشق و بەغدا دەست پێ دەکات ، بە مەرجێک ئەوانە بۆیان بکرێ سەری یەکتر پان دەکەنە بەڵام لەسەر مەسەلەی میللەتەکەمان یەکن و موو بە بەینیاندا ناچێت ، جا دەبێ ئێمە چی رێمان لێ بگرێت یاخود چی هەبێت گرنگ تر بێت لە باسکردنی مەسەلەی گەلەکەمان و دانیشتن پێکەوە بۆ دانانی تاکتیک و ستراتیجی هاوبەش و حەرام کردنی شەڕی کوردکوژی و چیتر بە فیرۆنەدانی کات ، ئەوا کۆتایی سەدەی بیستەمە و سەردەمی دیموکراتیەت و مافی چارەنووسی گەلانە ، بۆ ئێمە نەتوانین لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی نێوانمان رێک بکەوین ، با بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و کەسایەتی و عەشیرەتی بخەینە ئەولاوە و خوێنی شەهیدانمان بە فیرۆ نەدەین ، وە ئەو فرسەتەی کە تا ئیمرۆش لەبەر دەستماندایە لە دەست خۆمانی نەدەین ، ئەگینا لەوانەیە سەدسالی تریش ئەم فرسەتەمان بۆ هەڵنەکەوێتەوە و با رێ بگرین لە روودانەوەی هەڵەبجە و ئەنفالەکان و هەمووومان یەک هێز بین بەرامبەر دوژمنمان لە هەر لایەکی کوردستان بێت . ئینجا ئەو لایەنانەی یاخود ئەو لایەنانەی نایەن بە پیر ئەم ئەرکە پیرۆزەوە کە بە بیروڕای من زۆر درنگە و دواکەوتووین نەک زووە ، ئەوا دەبێت میللەتی کورد نەفرەتیان لێ بکات و بە زووترین کات بەرەی یەکگرتوو کۆنگرەی نەتەوەیی خۆی پێک بهێنێت و ببێتە بەرزترین دەزگای چارەسەرکردن و بەڕێوەبردنی بزووتنەوە ی شۆڕشەکەمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان .

– باوکی رێبین –



# پەلکەزێرینە

ئامادەکرنا : رزگار کێستەیی

## ئایا دەزانی ؟

# ئێکەمین کوردێ کو هاتیە سوێد ناڤێ وی میرزا سەعید بوو و لسالا ١٨٩٣ز هاتیە سوێد. ئەو بخۆ ژ باکوورێ کوردستانێ بوویە ، لێ پاشی چوویە بازارێ ( سنە ) ولوێرێ ئاکنجی بوویە و پاشی ژوێرێ هاتیە سوێد .

# مەم و زینا ئەحمەدێ خانی بۆ جارا ئێکێ لسالا ١٩١٩ز هاتیە چاپکرن .

# جارەکێ ئێک ژ میرێن بۆتان فەرمانەک دەرێخست کو : هەرکەسێ خەلکێ جزیرا بۆتان بیت و نەشێت سترانەکێ بێژیت یان هەلبەستەکێ بخوینیت ، دڤێت ل جزیرێ نەمینیت .

# ئێکەمین نڤیسینا بۆ گەلێن ئەوروپا لسەر ئێزدیان هاتیە نڤیسین . لسالا ١٦٧٤ز ل رۆماژ لایێ راهبەکێ ئیتالی یێ نەناس ڤە و لسەر خاترا شاژنا رۆما (کریستینا ) یێ هاتیە نڤیسین و بەلاڤکرن .

# گەرۆکێ سوێدی (سڤێن ئاورێن ) ، یێ کو لسالا ١٩٣٤چوویە ترکی و کوردستانێ . باسێ مرنا زارۆ ئاغا یێ کوردێ خەلکێ بدلیسێ دکەت و دبێژیت کو : ئەو لسالا ١٧٧٤ز هاتیە جیهانێ و ١٥٧ سالا ژیێ وی درێژ بوو ، و هەروەسا دبێژیت کو:٣ گورچکێن وی هەبوون.....! و ئەو ب عەمرترین مرۆڤ بوو لسەر جیهانێ لوی دەمی .

# ئێکەمین کۆمەلا کوردی ل سوێد ،لسالا ١٩٧٦ ز لبازارێ ستوکهولم بناڤێ کۆمەلا کارکەرێن کورد هاتە دامەزراندن .

## وەرگرتنا مافێ هاوولاتی بوونێ ل ئەوروپا

دەستەکا سەرژمێریا ئەوروپی (یوروستات)، دراپۆرتا خۆدا یا کو ل لوکسومبۆرگێ بەلاڤکری. تێدا دیار دکەت کو د ٣ سالێن بووریدا ١ ملیون پەنابەران ل ئەوروپا مافێ هاوولاتی بوونێ یێ وەرگرتی . و پرانیا وان ژی ژ مەغرب و ترکی و یوگۆسلاڤیا کەڤن . ئەو ژی بڤی ئاوایێ خوارێ یە :

| | | | |
|---|---|---|---|
| فرەنسا | ٢٣٣ هزار کەس - | بریتانیا | ٢١٨ هزار کەس |
| ئەلمانیا | ١٢٩ هزار کەس - | سوێد | ١١٦ هزار کەس |
| هولەندا /بەلچیکا/لوکسومبۆرگ | ٢٠٤ هزار کەس . | | |

## کۆژتن و گرتن لترکی

رێکخراوا مافێن مرۆڤی لترکی دراپۆرتا خۆ یا سالانە یا ١٩٩٥ دا دیاردکەت کو : دوێ سالێ دا لترکی ، ١٠٨ کەس دئەشکەنجێ دا هاتنە کۆژتن و ٩٢ کەس ژی هاتنە کۆژتن و قاتلێن وان نەدیارن . دشەر و لێکدانان دا ٣٧٩٠ کەس هاتنە کۆژتن . ٢١٣ کەس ژی دزیندانان دا ووندا بوونە .

رێکخراوا ناڤبری ، دراپۆرتا خۆدا ناڤ و جه و بەروارێن ڤان روودانان یەک بیەک ددە خویا کرن .

## دوو مليۆن زارۆک دشەڕيدا هاتنە کوژتن

يونسێف کو ئێکە ژ ڕێکخراوێن ئێکەتيا نەتەوان و بەرپرسە ژ کاروبارێن زارۆکان، لڤێ داويێ راپۆرتا خۆ يا سالانە يا سالا ١٩٩٥ بەلاڤکر و تێدا ديارکر کو: لڤان دەه سالێن داويێ ٢ مليۆن زارۆک يێن دشەڕيدا هاتينە کوژتن ، ١٥ مليۆن زارۆک ژی يێن تووشی برينداريێن فيزيکی و پسيکۆلۆگی (نەفسی ) بووين . مليۆنەکا زارۆکان بووينە سێوی (ماينە بێ دايک و باب) ، و ١٢ مليۆن ژی يێن ماينە بێ مال و وار ژبەر ناکۆکی و لێکدانێن چەکداری . لسالا بێت دروژا ٥٠ ساليا دامەزراندنا خوەدا ( يونسێف ) دێ پرۆگرامەکی پێکهاتی ژ ١٠ خالان بناڤێ ( شەڕ دژی شەڕی ) دێ دەتە خوياکرن .
ژ وان خالان قەدەخەکرنا مينێن (لغم ) دژی پەيادا . شکاندنا مافێن زارۆک و ژنان بئاوايەکی ڕێکوپێک دێ هێنە ڕاپۆرتکرن ، کێشانا زارۆکان بۆ سەربازيێ دێ هێتە ڕاوەستاندن .

## ڕێڤەبەرا شەمبۆز

لخواندنگەها ( کەلێ يا کچان ) لباژارێ ( ئاکرێ ) ، کچەکا خويندکار ، بناڤێ (ک. ی ) کو ل پولا سيێ ناڤنجی دخواند ، ژبەرکو ڕۆژەکێ نە هاتبوو خواندنگەهێ ، هەفتيا دی و لڕۆژا ٢٨/ ١٠/ ١٩٩٥ کەفتە بەر هێرشا ڕێڤەبەرا خواندنگەهێ . لديڤ پێزانينێن کو د گۆڤارا ( گازی ) دا هاتينە بەلاڤکرن : پشتی خانما ڕێڤەبەر کچکا خويندکارا بەلەنگاز تێر دايە بەر دارا ، ڤێجا ب لەقا هێرش برە سەر و کچک دا بەر لەقا و مامۆستايێن دی بزۆری ئەو ژ بن دەست و پيا ئينا دەر ، و شونا لەقێن وێ پشتی چەند ڕۆژا ژی هەر ل لەشێ کچکێ مابوون . وەسا ديارە دلێ خانما ڕێڤەبەر بڤێ هەميێ هێشتا تەنا نە ببوو . ژبەر هندێ ژی بڕيارا دەرێخستنا کچکا خويندکار ژی دەرێخست ژ خواندنگەهێ .....!
ئەم ژی دبێژين : يا خودێ تو چ ڕێڤەبەرێن هۆسا بڕسقێ مە و زارۆکێن مە نەکەی ، ئەگەر نە پاشی نەکو ئەم هی نابينە چ تشتا ، بەلکی ئەو تشتێ ئەم دزانين ژی نامينتە دسەرێ مە دا !!

## # مەلای مەزبورە لە میوانداری یەکدا

جارێکیان مەلای مەزبورە بە میوانی دەچێت بۆ ماڵێک بۆ قاوەڵتی . خاوەن ماڵەکە خۆی و ژنەکەی و کوڕو کچێکی دەبێت دەیەوێ نەختێ گەمەی لەگەڵ بکات بۆیە دێنێ چوار مریشکی برژاو لە سەر سفرەکە دادەنێ و بە مەلا دەبێژێ دەمانەوێ تۆ ئەمڕۆ ئەم مریشکانەمان لێ بەش کەی بەڵام بە مەرجێ وەک یەک و پاشماوە نەمێنێتەوە لە دابەش کردنەکەدا ، مەلاش دەبێژێ زۆر چاکە : فەرموو خۆت و ژنەکەت و مریشکێک ئەوە دەکاتە سێ ، کوڕەکەت و کچەکەت و مریشکێک ئەمیش دەکاتە سێ ، ئاقیبەتەکیشی هی منە ،چونکە من و دوو مریشک دەکینە سێ .

## پاشماوێ : نامێن خوێندەڤانان

دیسان ئەم سوپاسیا هەڤالێ خۆ دکەین بۆ دیارکرنا وێ شاشیا کەفتیە دروژا وەغەرا هونەرمەند (تحسین تاها ) دا ، هەروەسا دوو ژ وان چیروکێن بۆ مە هنارتین ، ئەم دڤێ ژمارێ دا بەلاڤ دکەین ، یێن ماین ژی بۆ ژمارێن بێن .

## ماڵی دایک و باوکی خۆتان رۆشن کرد



رۆژی ١٩٩٥/١١/٧ ماڵی خۆشکە نازە وکاک سەباح بەرزنجی دانیشتووی شاری یۆنیۆپینگ ، رۆشن بووەوە بە هۆی لە دایک بوونی کورە کورپەکەیانەوە ، کە ناویان نا ( لانو ).ئێمەش پیرۆزبایی گەرم لە دایک و باوکی ( لانو ) ی ساوا دەکەین و هیوای تەمەنێکی درێژ و پاشەرۆژێکی گەش بۆی دەکەین .



(دیانا)ناوی ئەو خونچە گوڵە جوانەیە کە لە رۆژی ١٩٩٥/١١/١٩ ماڵی کاک فەیسەل سابیر وخۆشکە فایزە ی پرکرد لە خۆشی و شادی .بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی گەرم لەم دوو دایک و باوکە بەختیارە دەکەین و هیوامان ئەوەیە کەوا ئەم کچە خنجیلانەیە خاوەنی تەمەنێکی درێژی پڕ لە کامەرانی و بەختیاری بێت .

# وشەی تێکهەڵکێش

ئامادەکردنی : باوکی ڕێبین

**ئاسۆیی :**

١- ناوێکی کوردی یە زیاتر بۆ کوڕ بەکار دێت -- بۆ دروونەوەی گونیە بەکار دێت .
٢- بە مانای هەوا دێت ( پێچەوانە )-
کۆمەڵێک خەڵک کە شتێکی زیاتر
ناوچەیی کۆی کردوونەتەوە(پێچەوانە)
٣- ڕووخۆش نییە (پێچەوانە ) -
پێچەوانەی برۆ .
٤- خواردنێکە وەکو برنج لێدەنرێت
(پێچەوانە) - خواردنەوەیە کە لە
شیر دروست دەبێ (پێچەوانە) .
٥- گرنگترین شتە بۆ ژیان -
کۆتایی ژیانە- خواردنەوەیەکە کە
لە شیر دروست دەبێ .
٦- نازناو یاخود کورتەی ئیبراهیم -
زۆر نزیک نییە ( پێچەوانە ).
٧- ناوی جۆرێکە لە ماسی .
٨- پێچەوانەی ڕاستی - جێگەیەکە ئاوی لێ دەردەچێ .
٩- بە مانای خۆم ( پێچەوانە ) - دروست دەبێت لە دیوار یاخود لە زەوی لە ئەنجامی
بوومەلەرزە.
١٠- پێچەوانەی جوان .



**ئەستوونی :**

١- زیاتر بۆ سەگ بەکار دێت کە هێمن نەبێت(پێچەوانە) - دەخرێتە سەرپشتی وڵاخ
(پێچەوانە)-لە ناو دەمدایە ، ٢- پایتەختی باشووری کوردستانە .
٣- دارێکی کێوی یە وەکو گوێز-شارێکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان(پێچەوانە).
٤-دەریاچەیەکی گەورەیە لە باکووری کوردستان -نیوەی وشەی کرێم (پێچەوانە).
٥- ناوی وڵاتێکی داگیر کراوە ، ٦- پێچەوانەی تاریکی ، ٧- جێگەی مۆم .
٨ڕ بە مانای پەت-بە مانای بینی(پێچەوانە) ، ٩- بە مانای خۆر(پێچەوانە)-پارەیەکی
بەناوبانگە لە هەموو جیهاندا بە کار دێت .
١٠- جەژنێکی کوردییە -بەکاردەهێنرێت بۆ هەڵسان بە هەر کارێک .

# ژ وەشانێن نوو

ئەڤ وەشانێن نوو گەهشتنە مە ، ئەم ژی بکورتی وان بوە ددەینە ناسین و هیڤیدارین دەستێن دلسۆز هەر دپێشڤەچوونێ دا بن ژبۆ ڤەژیاندنا کولتورێ مە یێ رەسەن .

## هەلەبچە

گۆڤارەکا رۆشنبیریە لباژارێ ( مۆلندال ) ل سوێد دەردچیت. ژمارە (٢٥) گەهشتە دەستێ مە . دڤێ ژمارێ دا بابەتەک بناڤێ ( ئەڤە کورد ژی یێ دبنە جوهی )و ئێکێ دی بناڤێ (گیروگرفتێن ئەلفوبێ دزمانێ کوردی دا و چەند سەرنجەک) و بابەتەک ژی بناڤێ (مستەفا بارزانی ئەفسانە و راستی ) ئەڤ هەردوو بابەتە ژ لایێ نڤیسەر (فەرهاد شاکەلی ) ڤە هاتینە نڤیسین . و نڤیسینەک ژی لسەر وێ یەکێ کا چەوا ( هەیڤا سۆرا ترکی ) لباژارێ هەولێرێ کوردا دکەنە ترک .و هەروەساچەند باتەکێن جۆراوجۆر جی گرتنە تێدا .




## پەراستن و چیا

نامیلکە دیوانا دووێ یا هۆزانڤانێ گەنج حەسەن نوری یە کوژ ١٨ هەلبەستان پێکهاتیەو ٨٦ لاپەرێن قەوارێ بچووک هەمبێز دکەت . پاشگۆتنەکا کورت و جوان ژ لایێ نڤیسەڤان دلدارێ شەکو ڤە بۆ هاتیە نڤیسین . ژ هەژی گۆتنێ یە کو

ئەڤ پەرتووکە لچاپخانا ئوفسێتا دهۆکێ هاتیە چاپکرن .

## گازی

گۆڤارەکا مەهانە یا گشتیە . دەزگەها راگەهاندنا گازی ل دهۆکێ دەردێخیت . ژمارە (٨-٧) و ( ١٢ ) گەهشتنە دەستێ مە . ئەڤ گۆڤارە بەرهەمێ رەنجا دەستەکەکا نڤیسەڤانێن خۆرت و خودان بزاڤە . هەروەسا ژ لایێ تەکنیک و هۆنەری ڤە یا پێشکەفتی و رێک و پێکە .
گازی شیایە ژ کەڤلوژانکێ گۆڤارێن کوردی یێن کلاسیک دەرکەڤیت و براستی ژی ببیتە گۆڤارەکا گشتی ژ بەر هەبوونا بابەتێن جۆراوجۆرێن سیاسی و دیرووکی و یاسایی و جڤاکی و هۆنەری و زانستی و....هتد .
بدیتنا مە ئەگەر نڤیسەڤانێن گازیێ پتر پویتەی بدەنە لایێ زمانی و هەول بدەن زمانەکێ سڤک و رەوان بکار بینن د هەموو بابەتێن خۆ دا ، دێ ڤێ گۆڤارێ پاشەرۆژەکا گەش هەبیت.
د ژمار ( ١٢ ) دا گەلەک بابەتێن گرنگ بیەرچاڤێن مە دکەڤن کو هندەک ژێ ئەڤەنە : سەرگۆتار بناڤێ ( سیناریوێ شەرێ ناڤخۆ بەرەڤ کیڤە ) ژ نڤیسینا سەرنڤیسەر ( فەهمی سەلمان )و چەند بابەتەک لسەر هێرشا ( پ.ک.ک ) ێ بۆ سەر باشوورێ کوردستانێ جی گرتنە و ( ئۆلا زەرادەشت دمیدیا دە ) ژ نڤیسینا ( میرئال زیلانی ) و گەلەک بابەتێن دن .

# SAHARA TOURS

لە

(ستۆکهۆلم ، مالمۆ ، یۆتۆبۆری ، کۆپنهاگن )وە

دەتوانن لەرێگای ئێمەوە بە باشترین و هەرزانترین فرۆکە سەفەر بکەن

بۆ

ئەستەنبوڵ ، دیاربەکر ، دیمەشق ، تاران و هەموو شوێنێکی تر

بۆ زانینی زیاتر دەتوانن پەیوەندی بکەن بە ( شۆرش خۆشناو )

ژمارەی تەلەفۆن :

040-233238

-233281

ژمارەی فاکس :

040-127487



ناونیشان :

SAHARA TOURS

Bergsgatan 26

214 22 Malmö



**Av innehållet**


* Pejams budskap
* ( A B F ) en liten text ......
* Alfred Nobel
* Intervju med .......



Redaktion :
Rizgar Taha
Buhari Hidir
Abdulrahman A Kader


Framsidas bild
Delals bro i Kurdistan


Adress :
Pejam
Box 8043
550 08 Jönköping



Pris : 6 kronor



هەواڵنامەی کتێب

# Pejam

Utgivare / Kurdistans kulturförening i Jönköping
Nummer 4 Våren 1996



En allmän kulturisktidning som är o bunden till någon religös eller politisk organinsation